وێنەیەکی تەرجەمەکراوی
دەقە عەرەبییەکەیە

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی – عێراق**
**ژمارەی دەرهێنان:26**
**رۆژی دەرهێنان:2004/6/20**

پشت بە حوکمی برگە (1)ی ماددەی (56)وماددەی(53) لە یاسای ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی (1992) و، لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیران وئەو یاساکارییەش کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، لە دانیشتنی ژمارە(43)ی رۆژی (2004/6/19) یدا ئەنجامی داوەو، بەپێی ئەو دەسەڵاتەش کە برگە(3)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە(10)ی ساڵی 1997 پێمانی داوە، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

**یاسای ژمارە(26)ی ساڵی/2004**

**یاسای پێنجەم هەموارکردنی یاسای ژمارە(3)ی هەموارکراوی ساڵی (1992)ی**
**ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عیراق**

**ماددەی یەکەم:**

ماددەی دووەمی یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی – عێراق هەموار دەکرێ و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

1 – ئەنجومەن بالاترین هەیئەی تەنفیزیی هەرێمەو، لە سەرۆك و جێگرەکانی و وەزیرەکان پێك دێت.
2 – سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران چەند جێگرێکی دەبن، بە مەرجێ لە سێ جێگر زیاتر نەبن.
3 – سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە، لە کاتی دیارنەبوونی یان لە کاتی ئامادەبونیشیدا هەر کاروبارێ خۆی پێی باش بێ بەپێی یاسا بە جێگرەکانی خۆی بسپێرێ.
4 – جێگری سەرەك وەزیران، دەشێ، سەرباری فرمانی پلەکەی خۆی، جانتایەکی وەزاری بە ئەسڵ یان بە وەکالەت پڕبکاتەوە.

**ماددەی دووەم:**

أ – وەزارەتی کارو نیشتەجێکردن و وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو فراژوکاری(التنمیە) کە ناویان لە ماددەی نۆیەمی یاسای ژمارە(3)ی ساڵی(1992)دا هاتووە هەردوکیان ئیلغا دەکرێن.
ب – وەزارەتێك لە نوێ دادەمەزرێ بەناوی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردنەوە.

**ماددەی سێیەم:**

أ – ناوی( وەزارەتی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی) کە لە ماددەی نۆیەمی یاسای ژمارە(3)ی هەموارکراوی ساڵی(1992)دا هاتووە، هەمواردەکرێ و دەبێ بە( وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان).
ب–وەزارەتێك لە نوێ دادەمەزرێ بە ناوی(وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی).

**ماددەی چوارەم:**

ناوی( وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی) کە لە ماددەی نۆیەمی یاسای ژمارە(3)ی هەموار کراوی ساڵی(1992)دا هاتووە، هەموار دەکرێ و دەبێ بە(وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی).

**ماددەی پێنجەم:**

ناوی ( وەزارەتی پیشەسازی و وزە) کە لە ماددەی نۆیەمی یاسای ژمارە(3)ی هەموارکراوی ساڵی(1992)دا هاتووە، هەمواردەکرێ و دەبێ بە( وەزارەتی پیشەسازی و کارەبای هەرێم).

**ماددەی شەشەم:**

وەزارەتێك لە نوێ دادەمەزرێ بە ناوی( وەزارەتی فێرکردنی باڵاو لێکۆڵینەوەی زانستی لە هەرێمی کوردستاندا) لە چوارچێوەی زنجیرەکانی ماددەی نۆ لە یاسای ژمارە(3)ی هەموارکراوی ساڵی(1992)دا.

**ماددەی حەوتەم:**

بڕگەی(2) لە ماددەی حەڤدەی یاسای ژمارە(3)ی هەموارکراوی ساڵی(1992)ی ئەنجومەنی وەزیران، هەمواردەکرێ و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

2 – لە حاڵەتێکدا جێگای سەرۆك چۆڵ بێت، ئەنجومەنی وەزیران، یەکێ لە جێگرەکانی دەستنیشان دەکات کە ئیشەکانی بگرێتە دەست و کاروبار بەرێ بخات، تا لە ماوەی(15) رۆژدا سەرۆکێکی نوێ ناوزەددکرێ و پاشان وەزارەتی نوێ پێك دەهێنرێت.

**ماددەی هەشتەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە بخاتە بەرکار.

**ماددەی نۆیەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی دەرهێنانیەوە دەخرێتە بەرکار و لە( وەقایعی کوردستان) دا بلاَودەکرێتەوە.

**د.رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی ـ عێراق**